# چەندین کەس گیانیان لەدەستدا و بێسەروشوێن بوون بەهۆی وەرگەڕانی پاسێک لە پیرۆ



بەلایەنی کەمەوە شەش کەس گیانیان لەدەستدا و 32 کەسی دیکەش بریندار بوون، دوای ئەوەی پاسێکی پڕ لە سەرنشین کەوتە ناو ڕووبارێکەوە لە ناوچەی "ئانکاش"ـی وڵاتی پیرۆ.

کاربەدەستانی تەندروستی لە بەیاننامەیەکدا ڕایانگەیاندووە، کە پاسەکە خلیسکا و وەرگەڕاوە و شەش کەس گیانیان لەدەستداوە و شەش کەسی دیکەش بێسەروشوێن بوون و 32 کەسی تریش بریندار بوون.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە کە یەکەیەکی پۆلیس لە ناوچەکەدا بەدوای بێسەروشوێنەکاندا دەگەڕێت، هۆکاری ڕووداوەکە تا ئێستاش ئاشکرا نەکراوە.